# قەت ناتوانم لە بیرت کەم

هاوکار حەویز

قەت ناتوانم لە بیرت کەم
ئەم دەریای حەسرەت و خۆزگە
چۆن لە دڵم ووشک دەبێ؟
چۆن ئەم کێوی ئەشق و سۆزە،
لە ژێر هەوری چاوەکانم
بێ باران وئەشک دەبێ؟
قەت ناتوانم لە بیرت کەم
تۆ ڕابردووی تۆ داهاتووی
ئەتۆ خەندەی تۆ گریانی!!
لە بەهاری.... تەمەنمدا
ساتێ گوڵی ساتێ دڕکی
دەمێ خۆشی دەمێ ژانی!!
من ناتوانم لە بیرت کەم
هەتا ئێستا.... لە ئامێزی
خەیاڵمدا..ئە تۆ نووستووی!!
قەت ناتوانم لە بیرت کەم
کەدەت بینم لە پێش چاوم
هەروەک گهوڵێکی پشکووتووی.